کاتێک یەکێکتان دەگاتە لای کۆمەڵێک؛ با سەلامیان لێبکات، وئەگەر ویستی هەستێت (جێیان بهێڵێت)؛ با سەلامیان لێبکات، چونکە سەلامکردنی یەکەم شایستەی ستایشکردنی زیاتر نییە لە سەلامکردنی کۆتایی (مالّئاوایی)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک یەکێکتان دەگاتە لای کۆمەڵێک؛ با سەلامیان لێبکات، وئەگەر ویستی هەستێت (جێیان بهێڵێت)؛ با سەلامیان لێبکات، چونکە سەلامکردنی یەکەم شایستەی ستایشکردنی زیاتر نییە لە سەلامکردنی کۆتایی (مالّئاوایی)».
[حەسەن - باش)] [(أبو داود والترمذي والنسائي -له الكبرى- وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونێنی ئەو کەسە دەکات کە دەیەوێت بێتە نێو دانیشتنێکەوە بەوەی پێویستە سەرەتا سەلامیان لێبکات، وئەگەر بیەوێت هەستێت ئەوا پێویستە دیسانەوە سەلامیان لێبکات؛ چونکە سەلامکردنی سەرەتا لەکاتی هاتنی شایستەی ستایشکردنی زیاتر نییە لە سەلامکردنی کۆتایی لەکاتی بەجێهێشتنیاندا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3173